# دەسەڵاتی کوردی: سوڕانەوە لە بازنەی گێژاو و بێ ئاڕاستەییدا

د. بورهان یاسین

کەم جار هەموو ئاستەکانی سیاسەت، جیهانی، ئیقلیمی، عیراقی و کوردستانی ئەو هەموو رووداو و پێشوەچوونانەی لە یەك کاتدا بەخۆوە بینیوە وەك ئەوەی ئێستا. کشانەوەی ئەمریکا لە عیراق و بەردەوامی بەهاری عەرەبی و گەرموگوڕ بوونی باس و خواس دەربارەی سیناریۆکانی بەرەوڕووبوونەوەی ئێران و پێشوەچوونەکانی رۆژانی دوایی عیراق و رووداوەکانی ئەم دواییەی باشووری کوردستان بە چڕی و لە زیاتر لە تەوەرێك و ئاستێکەوە بە چڕی تێکەڵاوی یەکتر دەبن.

مەبەستی ئەم وتارە تیشکخستنە سەر هەموو ئەو ئاستانەی سیاسەت نیە کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێدرا، بەڵکو زیاتر هەوڵ دانە بۆ ئەوەی لە رۆشنایی رووداوەکانی چەند رۆژی دوایی نێوان بەغدا و هەولێر وە هەندێك گرێدانیان بە ئاستەکانی ترەوە قسەیەك لەسەر سیاسەتە ڕەسمییە کوردیەکان بکەم.

## کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق

کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەم کات و ساتەدا قسەی زۆر هەڵدەگرێ و گۆشەنیگای جیا جیاش هەن بۆ تیشك خستنە سەری. ئەوەی کە بە کورتی و بە چڕی دەتوانرێ بگوترێ ئەوەیە کە ئەمریکا لە ناگونجاوترین کات و ساتدا هێزەکانی لە عیراق کێشایەوە و بە ئەگەری زۆر ئەم خۆکێشانەوەیە کۆمەڵێك دەرهاوێشتەی ئیقلیمی و عیراقی و کوردستانی لێدەکەوێتەوە. لە لایەکی ترەوە هەموو ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە لایەنی کوردی، بە تایبەتی دەسەڵات، کەمترین رادەی ئامادەکاری پێوە دیارە بە ئاراستەکانی داهاتووی ناوچە و عیراق و کوردستان. نەك هەر ئەوە، بەڵکو لە راستیدا راگەیاندنە ڕەسمیەکانی دەسەڵاتی کوردی، چ لە بەغدا و چ لە کوردستان، روو بە مەسەلەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق دژایەتیەکی ترسناك و بێئاراستەیی سیاسی تیا بەدیکراوە: لە لایەکەوە راگەیاندنی ڕەسمی دەسەڵات زیاتر ئەوەی جخت کردۆتەوە کە هێزە چەکدارەکانی عیراق ئامادەیی تەواویان نیە لە پاراستنی خاك و سەروەری عیراق (ئەوەش بە مەبەستی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق)، کەچی لە لایەکی ترەوە بەردەوام ترسی لە بەهێزبوون و پڕچەکبوونی هەمان ئەو هێزانە هەبووە... بە بۆچوونی خۆم پێویست بوو دەسەڵاتدارانی کورد لە بری ئەو گێژاوی بێئاراستەییە هەرنەبێ بە دوو خاڵ ئاراستەی ستراتیژی خۆی خەملاندبایە: 1) بە دوو هێڵی هاوتەریب مامەڵەی لەگەڵ مانەوە یا نەمانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بکردایە، لە بەغدا ناڕوونی و زیاتر بێدەنگی بەڵام لە کوردستان بە ئاڕاستەی بەرژەوەندیەکانی کورد روونی و ئاشکرایی لە مەڕ ئەو مانەوەیە لە کوردستان بە کۆمەڵێك مەرجەوە کە دەبوایە ئەمریکا لەبەرچاویان بگرێ ئەگەر خوازیاری مانەوەیە لە باشووری کوردستان؛ 2) باشترین شێوەی نزیکبوونەوەی سیاسی- مێژوویی لەمەسەلەی کشانەوەی ئەمریکا لە عیراق ئەوەیە کە لەیەکچواندنێکی جددی بکرێ لە نێوان کشانەوەی بەریتانیا لە فەلەستین لە ساڵی 1948 وە کشانەوەی ئەمریکا لە عیراق لە ئێستادا. دیارە لە لایەکەوە ئەم بەراوردە پێویستە بکرێ چونکە بەم بەراوردە دەکرێ خوێندنەوەیەکی هەرە دروست بە دەستبهێنین، هەرنەبێ لە رووی دەرهاوێشتەکانی کشانەوەکە. گرنگترینیان ئەوەیە کە بەم کشانەوەیە تەواوی پرۆژەی دەوڵەتی یەکگرتووی عیراق و سەروبەری پرۆسەی سیاسی لەو وڵاتە بەرەو رووی کۆمەڵێك سیناریۆی نادیار و بگرە ترسناکیش دەبێتەوە.

بەراوردی ئەم دوو کشانەوەیە (واتە هی بەریتانیا لە 1948 وە هی ئەمریکا لە ئێستادا) لە دوو رووی سەرەکیەوە گرنگە: 1) کشانەوەی بەریتانیا لە فەلەستین، جگە لەوەی کە دەرهاوێشتەی لاوازی جێگەو پێگەی بەریتانیا بوو دوای کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، گرنگتر لەوەش ئەم کشانەوەیە دەربڕی بێهیوابوونی بەریتانیا بوولە *پرۆژەی بەرهەمهێنانی دەوڵەتێکی یەکبوو لە فەلەستین بۆ جوو و عەرەب.*

لێرەدا گرنگە ئەوە بڵێین کە کشانەوەی بەریتانیا نەك هەر دەرفەتی دا بە جووەکان (تو بڵێ زایۆنیزم) کە دەوڵەتی خۆیان (ئیسرائیل) لە سات و کاتی کشانەوە و بەبێ دواکەوتن بۆ یەك کاتژمێریش لە 1948/5/14 رابگەیێنن، بەڵکو راستیەکەی جووەکان لە چوارچێوەی ستراتیژێکی دیار و نەخشە بۆ کێشراو دەمێك بوو هەوڵی ئەو *بێهیوابوونەیان* دەدا. بەتایبەتی دوای تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهانی لە رێگای راپەڕینێکی چەکداری جووەکانەوە *بێهیوابوونی* بەریتانیا لە ماوەیەکی کورتدا گەیشتە لووتکە بە کشانەوەی بەتەواوەتی بەریتانیا لەو وڵاتە خۆی دەربڕی. لە لایەکی ترەوە لەو بەراوردەدا نەك هەر ئەوە دەردەکەوێ کە دەسەڵاتی کوردی کاری نەکردوە بۆ بێهیوابوونی ئەمریکا لە پڕۆژەی دەوڵەتی یەکبووی عیراق، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەشەوە تا ئەم چرکە ساتەش سەرکردەی رەسمی کورد هیوای بە دەوڵەتی یەکبووی عیراق هەیە. لە راستیدا نەك هەر ئەوە، بەڵکو لەم رۆژانەدا نەك هەر لەبەر کشانەوەی ئەمریکا بەڵکو لەبەر لێکترازانێکی زۆر جددی نێوا سوننە و شیعە خەریکە سەروبەری ئەو پرۆژەیە هەڵدەوەشێتەوە. سەیر ئەوەیە کە دەسەڵاتی کوردی تا ئەو سات و کاتەش دژ بە پرۆسەی هەڵوەشانەوە کار دەکات وە رۆژانی دوایی شێوەی مامەڵەکردنی سەرکردایەتی ئەو دەسەڵاتە، بە تایبەتی سەرۆکی هەرێم، لە شێوەی لەباوەشگرتن و حەواندنەوەی ئەو سەرکردە سوننییانەی کە لە بەغدا بڕیاری دەستگیرکردنیان لەلایەن دادگاوە بۆ دەرچووە.

## بەغدا و هەولێر: گەمەیەکی پڕ لە گومان

وا باشە ئەم بەشەی بابەت بە پرسیارێك دەستپێبکەم: ئایا ئەوەی سەرانی باشووری ئەمڕۆ دەیکەن گەمەیەکی دۆڕاوە یا عەقلانیەتێکی سیاسی ئەوتویە کە بۆ مرۆڤی عاقڵیش ئاستەمە تێگەیشتن لێی؟ مەبەست لەم پرسیارە تەنها ئەوەنیە کە چوارچێوەیەك بخەمڵێنم بۆ وەڵامدانەوە، بەڵکو دیوی تری پرسیارەکە وە خستنە رووی بەم شێوەیە، بە هەردوو رەهەندەکەیەوە، ئەوەیە کە مەترسیەکانی ئەم سیاسەتە جختبکرێنەوە.

دوای راکردنی سەرانی سوننە لە حکومەتی عیراق، بە تایبەتی تاریق هاشمی و سالح موتلەگ، جارێکی تر کوردستان دەرگاکانی کردەوە نەك هەر بۆ هەوڵدان بە ئاراستەی ئەو سیاسەتە دۆڕاوەی کە هیواهەڵبەستنە بە عیراقی یەکبوو وە مسۆگەربوونی مافەکانی کورد لەو چوارچێوەیەدا، بەڵکو ئەمجارەیان بگرە یاریکردنی دەسەڵاتی کوردە بە ئەو ئاگرەی کە لە بەغدا دەستپێکردووە ئاراستەکانی تەشەنەبوون و بڵاوبوونەوەشی هەرچۆنێك بڕوات ترسناکن. لە راستیدا لایەنی کوردی شەڕێك بۆ سەرانی سوننە لە عیراق لەگەڵ بەغدادا دەکات کە دژ بە دەستووری عیراق و رێساو یاساکانی عیراقن، کە بێگوومان کورد خۆی پابەندکردووە پێوەی وە هەرگیز ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە لایەنی کوردی بە تەواوەتی پابەندە بە دەستوور و یاساکانی عیراقەوە. نەك هەر ئەوە بەڵکو لایەنی رەسمی کوردی بەردەوام ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە ئەوە لایەنی ترن نەك کورد کە پابەندبوونیان نییە بە دەستوورەوە. بەم مانایەش ئەوەی دەسەڵاتی کوردی دەیکات رێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی لایەنە عەرەبیەکان بە ئاسانی ئەو ئاماژەیە بکەن کە لایەنی کوردی نەك هەر خۆگرێدان بە دەستوور و یاساو رێساکانی عیراقیەوە ناکات، بەڵکو داڵدەدانی تاوانباران هاشمی و موتلەگ و ئەوانی تر راگەیاندنی جۆرە شەڕێکە دژی ئەو دەستوورە. نەك هەر ئەوە بەڵکو بەم هەنگاوەی دەسەڵاتی کوردی دەکرێ ئاگرەکەی بەغدا کوردستانیش بگرێتەوە.

دەکرێ زۆر بۆچوونی جودا بۆ ئەم یاریەی دەسەڵات بکرێ، کە باوەشکردنەوەیە بۆ هەندێ سەرکردەی سوننە، کە بە پێی زانیاریەکان و بڕیاری رەسمی دەسەڵاتی دادوەری عیراقی، لە هەندێ کاری تیرۆریستیەوە گلاون وە دواترینیشیان تەقینەوەکەی ناو ناوچەی سەوز بوو: 1) لە رووی مێژوویەوە دوو جار پارتی دیمۆکراتی کوردستان هاوکار بووە بۆ سەرکەوتنی دوو کودەتای حیزبی بەعس لە بەغدا (لە 1963 وە 1968) لەسەر بنەمای ئەو بۆچوونەی کە گۆڕانکاری لە بەغدا دەکرێ رێگا بکاتەوە بۆ چارەسەری کێشەی کورد! لەگەڵ ئەوەشی کە ناتوانین هەر ئێستا ئەوە بسەلمێنین کە دەسەڵاتی کوردی

تێکەڵاوی یارییەکە کە مەبەست لێی گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسییە لە بەغدا، بەڵام دوور نیە ئەو یارییانەی کە پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە رابردوودا کردنی، بە ئاراستەی گۆڕانکاری لە بەغدا بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی کورد لەگەڵ بەغدا، هەر ئێستاو ئەمڕۆ خۆیان بە شیوازێکی تر وە لە زەمەنێکی تردا دووبارە بکەنەوە؛ 2) ئەوەی سەرۆکی هەرێم دەیکا تەواو هەوڵێکە بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو قەیرانە سیاسییە قوڵ و هەمەرەهەندەی کە کوردستانی تەنیوەتەوە کە لە راستیدا گەیشتۆتە ئاستێك کە هەموو سنوور و مەوداکانی پێشووتری ئەو قەیرانەی بەزاندووە. لە کاتێکدا سەرۆکی هەرێم بە پەرۆشە بۆ بەستنی بە ناو کۆنگرەیەکی نیشتمانی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکەی بەغدا، لە لایەکی ترەوە رۆژ دوای رۆژ خۆی دەدزێتەوە لە چارەسەرکردنێکی راستەقینەی قەیرانەکەی کوردستان، کە بەر لە هەر شتێك قەیرانی حوکمڕانی خۆی و دەسەڵاتی خۆی و ناو حیزبی خۆیەتی؛ 3) ئەگەر ئەو باوەشکردنەوەیەی سەرۆکی هەرێم بۆ گوناهبارانی بەغدا بە ئاماژە و قسەی ئەمریکیەکان بێت، ئەوا هەرگیز دەسەڵاتی کوردی بەرامبەر ئەو رۆڵەی دەیبینێ شتێکی ئەوتۆی دەستناکەوێ بەرامبەر ئەو رۆڵە پر مەترسییە. نەك هەر ئەوە دووریش نییە ئەو لەباوەشگرتنەی سەرکردە لە یاساڕاکردوەکانی بەغدا ببێتە هۆی تەشەنەبوونێکی ترسناك لە پەیوەندیەکانی کورد و ئێران، کە بێگوومان دوای کشانەوەی بەتەواوەتی ئەمریکا رۆڵ و کاریگەری لە عیراق و لە ئاستی ئیقلیمیدا زیدەتر و فراوانتر دەبێ.

ئەوەی جێگەی تێڕامان و سەرنجە ئەوەیە کە هەڵوێستی ئۆپۆزیسیۆن بە هەرسێ باڵەکەیەوە (گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ) لە ئاست مەترسی و سیناریۆکانی کشانەوەی ئەمریکا وە بە تایبەتی ئەو هەنگاوەی دوایی سەرۆکی هەرێم بە لەباوەشگرتنی هەندێ سەرکردەی گوناهباری سوننە و دەرهاوێشەتە و ئەگەرەکانی بۆ کورد نەبووە. بۆ نموونە راگەیاندنی سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە بەغدا (شۆڕش حاجی) کە دەڵێ ئەو کارەی سەرۆکی هەرێم دەیکا نابێ هەر بۆ دەستخۆشی بێت، راگەیاندنێکی لاوازە و ناتوانێ مەبەستە هەرە ستراتیژییە مەترسیدارەکان بپێکێ... لە ئاست ئەم گەمە مەترسیدارەی لایەنی دەسەڵاتی کوردی، کەم یا زۆر یەکگرتوو و کۆمەڵ بۆچوونێکی ئەوها گرنگیان نەبووە کە جێگەی ئاماژە بێت.

## کۆنگرەیەکی نیشتمانی بۆ باشووری کوردستان: بۆ نا؟

ئەوەی لە بادینان روویدا نەك هەر دربڕی قەیرانێکی هەمە لایەنی دەسەڵاتی باشووری کوردستانە، کە لەمێژ وەختە تووشی بووە، بەڵکو ئەو رووداوانە بوونە هۆی زێتری بەرجەستەبوونی شپرزەیی و حاڵەتی ئیفلیجبوونی دەسەڵاتەکە. بە تایبەتی بۆ جاری یەکەم لە ماوەیەکی یەکجار دوور و درێژدا پارتی دیمۆکراتی کوردستان بە شێوەیەك تووشی پشێوی و بگرە سەرلێشێواوی بووە کە دەکرێ چاوەروانی هەر شێکی ناعەقڵانی لێبکرێ. لێدوانەکانی رۆژانی دوایی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیمۆکراتی کوردستان (فازڵ میرانی) دەخزێنە خزمەت پرۆسەیەك کە تەواوی باشووری کوردستان بەرەو سیناریۆی ترسناك و تاریك دەبات تا چارەسەرکردنی قەیرانەکە، بە تایبەتی ئەو راگەیاندنانەی کە باس لەوە دەکەن کە سەرۆکی هەرێم 20000 پاسەوانی شەخسی خۆی هەن و پارتی خاوەنی 30000 چەکداری فیدائی بارزانییە و جگە لە هێزی پێشمەرگە و هتد... جگە لەمەش وا هەست دەکرێت کە بۆ یەکەم جارە قەیرانەکانی دەسەڵاتی پارتی و تەنها لەنێوان ئەو حزبەو دەرەوەی خۆی نین، بەڵکو بەشێوەیەکی جددی بەرۆکی ناو خودی ئەو حزبە خۆی گرتووە. لەم بارودۆخەدا سیاسەتی راکردن بەرەو پێشەوە و داپۆشینی شکست و قەیرانەکانی ناوەوە بە هەندێ بە ناو جوانکاری سەرکەوتنی دیپلۆماسی دەرەوە (وەك ئەوەی بەستنی کۆنگرەیەکی نیشتمانی عیراق) تەنهاو تەنها قەیرانی ناو ماڵی کورد قوڵتر دەکا و لەوانەشە بەرەو ئاقارێکی ئەوها ترسناکی ببات کە تا ئێستاش هیچ کەس و لایەن بە کراوەیی و راشکاوانە باسیان لێ نەکردوە؛ وەك ئەوەی باسنەکردنی شتێك دەبێتە هۆی روونەدانی ئەو شتە!

له کاتێکدا سەرۆکی هەرێم، مەسعود بارزانی، پێشنیاری بەستنی کۆنگرەیەکی نیشتمانی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی بەغدا دەکات، بەڵام هەمان سەرۆك روو لە قەیرانەکەی لەمەڕ ناو ماڵی کورد کەم یا زۆر بێدەنگە، بگرە بەرپرسیارەتی و کارەکانی ئەو لیژنەیەی کە بگرە خۆیشی بۆ لێکۆڵینەوە لە رووداوەکانی بادینان درووستی کردبوو دایەوە بە حکومەت.

دەکرێ بپرسین ئایا بۆ سەرۆکی هەرێم باشتر نیە و پێویستر نیە کە داوای کۆنگرەیەکی نیشتمانی بۆ پێکهاتەکانی ماڵی کورد بکات، کە بە شێوەیەکی سەرەکی هێزی شەقام و ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتی پارتی و یەکیەتین؟ لەم قۆناغەدا نە بەردەوامی حکومەتی د. بەرهەم ساڵح چارەسەرە و نە حکومەتێکی پارتی کە کەسێك سەرکردایەتی بکات کە خاوەن دەسەڵاتێکی ئەوتۆ و خواستێکی ئەوتۆی چاکسازی نەبێت.

بە هەر حاڵ بە باوەڕی خۆم بەستنی کۆنگرەیەکی نیشتمانی بۆ باشووری کوردستان کە تیایدا سەروبەری ئەو قەیرانەی کە هەیە تاوتوێ بکرێ چارەسەری ریشەیی بۆ مەسەلەکان دابنێ و ستراتیژێکی کوردستانی تیادا بخەمڵێنرێ کە تیایدا هەموو ئاستەکانی سیاسەت، کە لە سەرەتای ئەم وتارە ئەماژەیان پێکرا، جێگەی باس و خواس و هەڵوێستە لەسەر کردن بێ، پێداویستیەکی هەرە لەپێشە و هەنگاوێکی ئەوهاش لەبەردەرگای دەسەڵاتە، بە تایبەت بارزانی، تا هەر لایەن و کەسێکی تر. خۆدزینەوەش لە هەنگاوێکی ئەوها نەك هەر دەبێتە رێگە خۆشکەر بۆ قوڵبوونەوەی قەیرانی دەسەڵات بەڵکو بارێکی ترسناك کە ئەگەر هەیە تیایدا کورد بە تەواوەتی بکەوێتە هەڵدێرێکی سیاسی مەترسیدارەوە. لە لایەکی ترەوە هەر هەنگاوێك لە جۆری بەستنی کۆنگرەیەکی نیشتمانی بۆ باشووری کوردستان، روو بە هەمو رەهەند و ئاستەکانی سیاسەت، نابێ بۆ جوانکردنی دەسەڵات و یارمەتی دەربازبوونی ئەو دەسەڵاتە بێت کە تێیکەوتووە، بەڵکو کەمترین مەرجی ئەم هەنگاوە لە کۆمەڵێك هەڵوەستەی پراکتیکی و بڕیار و قەبووڵکردنی پرۆژەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە دەستپێدەکات.

## دەرئەنجام

لەم وتارەدا هەندێك بیروبۆچوونی سەرپێیی خراونەتە روو، کە مەبەست لێیان ورووژاندنی هەندێ رەهەندە لە قەیرانی باشووری کوردستان بە پەیوەندی لەگەڵ هەندێ ئاستی تری سیاسەت کە بە توندی باشووری کوردستان پەیوەندیدار دەکات. ئەو پێداویستییەی کە ئەو گۆڕانکاریانە دەیسەپێنن، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی باشووری کوردستان بە ئاراستەی بەرژەوەندییە نەتەوەییە کوردستانییەکان کار بکات، شتێکی حاشا هەڵنەگرە. بە پێچەوانەوە هەڵسوکەوتی دەسەڵاتی کوردی، بە تایبەتی سەرۆکی هەرێم، زیاتر خۆدزینەوەیە لە قەیرانێکی راستەقینە و هێمایە بۆ حاڵەتێك وەك ئەوەی کورد هیچ کێشەیەکی نیەو هەموو ئەگەرەکانی بەردەمیشی کۆمەڵێك سیناریۆن کە بە زەروورەت لە بەرژەوەندی کورد تەواو دەبن. دەرگا واڵاکردن بۆ سەرانی سوننەی عەرەب (گوناهبارکراو بە کاری تیرۆریستی و هەوڵی کودەتا و تێکدان) یاریکردنە بە ئاگر و کورد پێویستی بەو گەمە ترسناکە نیە. پێشنیاری سەرۆکی هەرێم بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی نیشتمانی عیراقی، دیارە هەڵبەتە لە هەولێر، راکێشانی باشووری کوردستانە بۆ ناو ئاگرێکی گەورە. ئەم هەنگاوە، کە بە ئەگەری زۆر ئامانجێکی تری سەرۆکی هەرێم لێی جوانکردنی رووی دزێو و ناشیرینی دەسەڵاتی کوردییە، تەنها هەنگاوێکی تری سەرنەکەوتووانەیە بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی پرۆسە سیاسیە شکستخواردووەکەی عیراق و بێئاراستەکردنی لایەنی کوردی خۆیەتی لە ئاستە هەرە ستراتیژییەکاندا. ئەگەر سەرکردەی باشووری کوردستان حیکمە و توانای هەڵوەشاندنەوەی پرۆژەی دەوڵەتی عیراقی نیە و کار بەو ئاراستەیەش ناکات، با هەرنەبێ لێگەڕێ ئەو شتە روو بدات لە دەرەوەی حیکمە و ئیرادەی خۆی.

**لوند، سوید، 2011/12/20**

**www.burhanyassin.com**